حكومة اقليم كوردستان- العراق
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المالية العامة

Kurdistan Region Government - Iraq
*Ministry of Finance & Economy*
*General Directorate of Finance*

حكومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی
دیراسات و لێکۆلینەوە

ژمارە: ٩/١٥/١١
ڕێکەوت/ ٢٧١ کوردی
ڕێکەوت/ / ٢ / ٢٠١١ زایینی

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٥ )
## بۆ /وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
## / بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنکی رافیدەین
## ب / قەرزی بەنکی کشتوکاڵ

دوا بە دوای ڕێنماییمان ژمارە (١٥) ی ساڵی /٢٠٠٩ و نووسراومان ژمارە ٤١٦٢ لە ٢٠١٠/٣/١٦ و ١٤١٧٨ لە ٢٠١٠/٨/٢٩ و نووسراوی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە /٢٢٢٩ لە ٢٠١١/٢/١٧ و لە پێناو پەرەپێدان و پێش خستنی کەرتی کشتوکاڵی و بەنکی کشتوکاڵی و دوای دیراسەت کردنی بابەتەکە لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بریارماندا بە :.

**یەکەم** / زیاد کردنی بوودجەی بانکە کشتوکاڵیەکانی هەرێم بۆ (١٠٠) ملیار دینار بۆ ساڵی /٢٠١١ .

**دووەم** / زیاد کردنی سەقفی قەرزی کشتوکاڵ لە (٨٠) ملیۆن دینار بۆ (١٠٠) ملیۆن دینار .

**سێ یەم** / هەموارکردنی هەندێك لە برگە و بابەتی قەرزی کشتوکاڵی بۆ زیاتر پێشکەش کردنی ئاسانکاری و سوودمەندبوونی جوتیاران و بەم شێوەی خوارەوە :.

**١- خانووی پلاستیکی** : (٦٠٪)ی تێچووی پرۆژەکە خەرج دەکرێت بە دوو گۆژمە بۆ ئەو خانووانەی کە بە سیستەمی نوێ ی گەرمی و ساردی کاردەکات و بەم شێوەی خوارەوە :.

أ - گوژمەی یەکەم (٥٠٪) لەگەڵ دەست پێ کردن و کڕینی خانووەکە .

ب - گوژمەی دووەم (٥٠٪) لە دوای تەواو بوونی پرۆژەکە .

ج - قەرزەکە لە پاش یەك ساڵ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم بە پێنج قیستی ساڵانەی وەك یەك وەردەگیرێتەوە.

**٢- لێدانی بیری ئیرتیوازی** : بۆ پرۆژەکانی بەروبوومی (رووەکی و ئاژەڵی) و ئەم بابەتانە دەگرێتەوە :.

أ - لێدانی بیر.

ب - پاکردنەوەی بیر .

ج - تێست کردنی بیر.

د - کێرسنگ و نووژەن کردنەوە .

هـ - دروست کردنی ژووری ترومپا .

و - دروست کردنی حەوزی ئاو لە (٢٠٠) م ٣ کەمتر نەبێت .

ز - ڕاکێشانی کارەبا یان کڕینی مولدە .

قەرزەکە (٦٠٪) ی تێچوی پرۆژەکە خەرج دەکرێت بە دوو گوژمە بەم شێوەی خوارەوە :-

أ - گوژمەی یەکەم (٥٠٪) لەگەلّ دەست پێکردن بە لێدانی بیر .

ب - گوژمەی دووەم (٥٠٪) پاش تەواو بوونی لێدانی بیر و دەست پێکردنی پرۆژەی کشتوکالّی .

قەرزەکە (٦) بە شەش قیستی وەك یەك یەك دەدرێتەوە پاش یەك سالّ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم .

**٣- باغداری** قەرزەکە ئەم بوارانە دەگرێتەوە :-

أ - دابین کردنی سیستەمی ئاودێری بە دلۆپاندن .

ب - دروست کردنی پەرژینی گونجاو .

ج - کاری خزمەت گوزاری باغداری وەك (ژووری پاسەوان + کۆگا + حەوزی ئاو + ئامێری کشتوکالّی + تورمپای ئاوی سەر زەوی).

د - کڕینی نەمام .

هـ - هەموو جۆرەکانی میوە .

و - ئەم جۆرە قەرزە باغە کۆنەکانیش دەگرێتەوە بەپێ ی تەمەنی نەمامەکە .

ز - باغی میوەی پشتاوگەر دەگرێتەوە بە مەرجێك بە شێوەی حەرفی (تی) و (مصطبات) ئەنجام بدرێت .

ح- نابێت لە دوو جۆر زیاتر بێت .

قەرزەکە بە رێژەی (٦٠٪) ی تێچوی پرۆژەکە خەرج دەکرێت بە سێ گوژمە بەم شێوەی خوارەوە :-

أ - گوژمەی یەکەم (٢٥٪) لە کاتی ئامادە کردنی زەویەکە .

ب - گوژمەی دووەم (٥٠٪) لە کاتی تەواو بوونی پەرژین .

ج - گوژمەی سێ یەم (٢٥٪) لە دوای تەواو بوونی پرۆژەکە .

قەرزەکە پاش یەك سالّ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم بە (٥) پێنج قیستی وەك یەك وەردەگیرێتەوە .

**٤- نەمامگە** : قەرزی نەمامگە ئەم بابەتانە دەگرێتەوە :-

أ - پەرژینی گونجاو .

ب - سیستەمی ئاودێری .

ج - خانووی پلاستیکی + سێبەرگا .

د - ئامێری نوێ ی نەمامگە .

ئەم قەرزە رێژەی (٦٠٪) ی تێچوی پرۆژەکە بۆی خەرج دەکرێت بە دوو گوژمە بەم شێوەی خوارەوە :-

أ - (٥٠٪) پاش پەرژین کردن .

ب - (٥٠٪) پاش کۆتایی پرۆژەکە .

قەرزەکە پاش یەك سالّ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم بە چوار قیستی وەك یەك دەدرێتەوە .

**٥- ئامێری کەل و پەلی کشتوکاڵ** : قەرزەکە ئەم بابەتانە دەگرێتەوە :-

أ - تراکتۆر جۆری (جۆندیر ، نیوهۆلاند ، فۆرگسن ، فۆلڤو ، دیوتز ، ڤالترا ڤالمیت ، ارماتراك ، زیتۆر). بە توانای (٧٠-١٠٠) ئەسپ ڕێژەی (٤٠٪) ی نرخی تراکتۆرەکەی بۆ خەرج دەکرێت بە مەرجێك لە (٢٠) بیست ملیۆن دینار تێ نەپەرێت و لە (١٠٠-١٥٠) ئەسپ و بە سەرەوە ڕێژەی (٤٠٪) ی نرخەکەی بۆ خەرج دەکرێت بە مەرجێك لە (٤٠) چل ملیۆن دینار تێ نەپەرێت .

ب - تراکتۆر جۆری (ایتماکۆ ، باشکانت ، فارمتراك ، مارکاتی چینی ، هندی ، اوکرانی ، روسی) بە توانای (٧٠-١٠٠) ئەسپ ، ڕێژەی (٤٠٪) ی نرخی تراکتۆرەکە بۆی خەرج دەکرێت بە مەرجێك لە (١٠) دە ملیۆن دینار تێ نەپەرێت و لە (١٠٠-١٥٠) ئەسپ و بەرەو سەرەوە ڕێژەی (٤٠٪) ی نرخەکەی بۆ خەرج دەکرێت بە مەرجێك لە (٢٠) بیست ملیۆن دینار تێ نەپەرێت .

ج - تراکتۆری باخ جۆری :

١ - (نیوهولاند ، فورگەسن ، لەمبردینی ، گۆڵدونی ، جۆندیر ، کابۆتا ، ڤاڵبدانا ، دیوتز) بە توانای (٣٠ - ٤٠١) ئەسپ ، ڕێژەی (٤٠٪) ی نرخی تراکتۆرەکەی بۆ خەرج دەکرێت بە مەرجێك لە (٢٠) بیست ملیۆن دینار تێ نەپەرێت .

٢ - (ورمێی ایرانی / صینی / هندی / تورکی) بە توانای (٣٠-٤٠) ئەسپ ، ڕێژەی (٤٠٪) ی نرخی تراکتۆرەکەی بۆ خەرج دەکرێت بە مەرجێك لە (١٠) دە ملیۆن دینار تێ نەپەرێت .

د - تراکتۆری باخ دوو تایە جۆری (نیوهۆلاند /فورگەسن / لەمبردینی/ گۆڵدوتی / جۆندیر / کابۆتا/ ڤالیراتا /دیوتز) بە توانای (٦-١٨) ئەسپ ، ڕێژەی (٤٠٪) ی نرخەکەی بۆ خەرج دەکرێت بە مەرجێك لە (٥) پێنج ملیۆن دینار تێ نەپەرێت .

هـ - درووێنەر (دەراسە) جۆری :-

١ - (جۆندیر ، لاڤیردا ، نیوهۆلاند ، کلاص ، دیوتز ).
ڕێژەی (٥٠٪) ی نرخەکەی بۆ خەرج دەکرێت بە مەرجێك لە (٧٥) حەفتاو پێنج ملیۆن دینار تێ نەپەرێت .

٢ - تراکتۆر جۆری (ایرانی ، صینی ، هندی ، بلاروسی ، اوکرانی ، روسی) ڕێژەی (٣٠٪) ی نرخەکەی بۆ خەرج دەکرێت بە مەرجێك لە (١٠) دە ملیۆن دینار تێ نەپەرێت .

و - ئامێرەکان نابێ لە دروست کراوی ساڵی /٢٠١١ کەمتر بێت .

قەرزەکە بە پێنج قیستی ساڵانەی وەك یەك وەردەگیرێتەوە پاش یەك ساڵ لە وەرگرتنی .

**٦- سیستەمی ئاودێری** : هەموو جۆرەکانی دەگرێتەوە لەگەڵ ترۆمپای ئاوی سەر خاك بۆ سەر ڕووبارەکان .

ڕێژەی (٦٠٪) تێچووی پرۆژەکەی بۆ خەرج دەکرێت بە دوو گوژمە بەم شێوەی خوارەوە :-

أ - (٥٠٪) لەگەڵ کڕینی ئامێرەکە .

ب - (٥٠٪) پاش دامەزراندنی ئامێرەکە .

قەرزەکە بە (٥) پێنج قیستی ساڵانەی وەك یەك وەردەگیرێتەوە پاش یەك ساڵ لە وەرگرتنی یەکەم گوژمە .

**٧- هەنگەڵان** : ڕێژەی (٧٠٪) ی تێچووی پرۆژەکەی بۆ خەرج دەکرێت بە دوو گوژمە بەم شێوەی خوارەوە:-

أ - (٥٠٪) پاش پەرژین کردن .

ب - (٥٠٪) پاش تەواوبوونی پرۆژەکە .

قەرزەکە بە (٤) چوار قیستی سالآنەی وەك یەك وەردەگیرێتەوە پاش یەك ساڵ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم.

## ٨- پەرەپێدانی بەرهەمی ئاژەل

أ - وەرگری ئەم قەرزە پێویستە خاوەن ئاژەل بێت .

ب - قەرزەکە ئەم بابەتانە دەگرێتەوە : .

١- دروست کردنی هۆلی مانگا و گامێش بە مەرجێ لە (٢٥) سەر کەمتر نەبێت .

٢- دروست کردنی هۆلی مەڕ و بزن بە مەرجێ لە (٢٠٠) سەر کەمتر نەبێت .

٣- کرینی پێداویستیەکان وەك ئامێری (دۆشین / دروێنەری وێنجە / ئامێری دروستکردنی باله ).

ج - ڕێژەی (٦٠٪) ی تێچووی پرۆژەکە خەرج دەکرێت بە دوو گوژمە بەم شێوەی خوارەوە : -

١ - (٥٠٪) لە کاتی دروست کردنی هۆل و پێداویستیەکانی .

٢ - (٥٠٪) پاش تەواوبوونی هۆلەکان .

قەرزەکە بە (٤) چوار قیستی سالآنەی وەك یەك وەردەگیرێتەوە پاش یەك ساڵ لە وەرگرتنی یەکەم گوژمە .

## ٩- پرۆژەکانی پەلەوەر قەرزەکە ئەم بابەتانە دەگرێتەوە : -

أ - پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەری گۆشت .

ب - هێلکە .

ج - کارگەی ئالیك .

د - جوجکەی هەڵ هێنەر (مفقس) بە دیزاینێکی تاقانە کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤیتەرنەرێ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوون ئامادە دەکرێت .

ڕێژەی (٦٠٪)ی تێچووی پرۆژەکە خەرج دەکرێت بە (٣) سێ گوژمە بەم شێوەی خوارەوە :-

أ - ڕێژەی (٢٥٪) بۆ دروست کردنی بادلۆ

ب - ڕێژەی (٥٠٪) لە کاتی تەواو بوونی بینایەکە .

ج - ڕێژەی (٢٥٪) دوای دامەزراندنی تەواوی ئامێرەکان .

قەرزەکە بە (٤) چوار قیستی سالآنەی وەك یەك وەردەگیرێتەوە دوای یەك ساڵ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم.

## ١٠- بواری ماسی

ڕێژەی (٦٠٪) ی تێچوی پرۆژەکەی بۆ خەرج دەکرێت بە سێ گوژمە بەم شێوەی خوارەوە : -

أ - ڕێژەی (٤٠٪) پاش هەڵکەندن و دروست کردنی بناغە و حەوزەکان .

ب - ڕێژەی (٣٠٪) لە کۆتایی پرۆژەکە .

ج - ڕێژەی (٣٠٪) لە کاتی تێکردنی پەنجە ماسی لە حەوزەکان .

قەرزەکە بە (٤) چوار قیستی سالآنەی وەك یەك وەردەگیرێتەوە پاش یەك ساڵ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم.

## ١١- پرۆژەی قارچك

ڕێژەی (٦٠٪) ی تێچوی پرۆژەکە خەرج دەکرێت بە دوو گوژمە بەم شێوەی خوارەوە : -

أ - ڕێژەی (٥٠٪) لە کاتی دەستپێکردنی پرۆژەکە .

ب - ڕێژەی (٥٠٪) لە کاتی تەواو بوونی پرۆژەکە

قەرزەکە بە (٤) چوار قیستی ساڵانەی وەك یەك وەردەگیرێتەوە دوای یەك ساڵ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم.

## ١٢- ساردخانە و بەستێنەر

خەرج کردنی قەرز بۆ ئەم پرۆژەیە بەپێ ی ئەم مەرجانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت :-

أ - قەبارەی کۆگا دەبێتە بنەمایەك بۆ خەرج کردنی بڕی قەرزەکە بە مەرجێك ووزەی کۆگاکە نابێ لە (٢٠٠) م ٣ کەمتر بێت .

ب - ڕێژەی (٦٠٪)ی تێچووی پرۆژەکە خەرج دەکرێت بەسێ گوژمە بەم شێوەی خوارەوە :-

١ - ڕێژەی (٢٥٪) دوای تەواو کردنی بادلۆ .

٢ - ڕێژەی (٢٥٪) دوای دروست کردنی بینایەی کۆگاکە .

٣- ڕێژەی (٥٠٪) دوای دامەزراندنی ئامێرەکان و کارپێکردنی .

ج - بڕی قەرزەکە نابێت لە (٥٠٠) پێنج سەد ملیۆن دینار زیاتر بێت .

د - قەرزەکە بە (٨) هەشت قیستی ساڵانەی وەك یەك وەردەگیرێتەوە دوای یەك ساڵ لە وەرگرتنی کۆژمەی یەکەم .

هـ - ئەم جۆرە قەرزە تەنها بۆ (١٨) پرۆژەی ساردخانە و بەستێنەر خەرج دەکرێت .

## ١٣- دروست کردنی پۆند :

ئەم جۆرە قەرزە خەرج دەکرێت بۆ دروست کردنی پۆند تەنها لە دێهاتەکان بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران بەپێ ی ڕێنماییەکانی فەرمانگەکانی سەرچاوەکانی ئاو لە پارێزگاکان .

ڕێژەی (٦٠٪) ی تێچوی پرۆژەکەی بۆ خەرج دەکرێت بە دوو قۆناغ بەم شێوەی خوارەوە :-

أ - ڕێژەی (٥٠٪) لە کاتی دەستپێکردنی .

ب - ڕێژەی (٥٠٪) دوای تەواو بوونی پۆندەکە .

قەرزەکە بە (٤) چوار قیستی ساڵانەی وەك یەك وەردەگیرێتەوە پاش یەك ساڵ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم.

## ١٤- بەرهەمی دانەوێلە :

أ- ئەم جۆرە قەرزە خەرج دەکرێت بۆ بەرهەمە ستراتیجیەکان وەك :

(گەنمەشامی/پاقلەی سویا/گولەبەرۆژە/پستەزەمینی (فستق الحقل) ).

ب - نابێ ڕووبەری زەویەکە لە (١٠) دە دۆنم کەمتر بێت .

ڕێژەی (٦٠٪) ی تێچوی بەهای کڕینی بنە تۆ و سیستەمی ئاودان (پرژاندن) کە پێویستە خاوەن زەوی ئاوی هەبێت خەرج دەکرێت بە دوو گوژمە بەم شێوەی خوارەوە :-

أ - ڕێژەی (٥٠٪) پاش کڕینی بنە تۆ .

ب - ڕێژەی (٥٠٪) پاش تەواو بوونی پرۆژەکە .

قەرزەکە بە (١) یەکجار وەردەگیرێتەوە دوای یەك ساڵ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم.

**چوارەم** جگە لەم هەموارکردنەوەی کە لە خاڵەکانی سەرەوەدا هاتووە گشت مەرجەکان و ڕێساکانی هاتوو

لە ڕێنماییمان و نووسراوەکانی وەزارەتی دارایی ئاماژە پێکراو لە سەرەوە کاری پێدەکرێت .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ...لەگەڵ ڕێزدا .

**بایز سەعید محەمەد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وێنەیەك بۆ /**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ ف - ك - کارگێری و دارایی/ بۆ زانین ... لەگەڵ ڕێزدا .

- وەزارەتی دارایی ئابووری / ب.گ.دارایی (س) بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .

- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین ... لەگەڵ ڕێزدا .

- بەرێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە / بۆ گشتاندنی ... تکایە .

- بەرێوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر/دهۆك/سۆران/ئاکرێ /زاخۆ/کۆیە/ بۆ زانین و کاری پێویست ... تکایە .

- خەرجییەکان / چاودێری و پشکنینی دارایی .

- ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە .

- دۆسیەی سووراو .